# ڕەوڕەوەی ڕەنگەکان لە شیعری گۆران

د.ظاهر لطيف كريم
نيان نوشيروان فؤاد

## پێشەکی

بینا کردنی وێنەی شیعری ئەو بەرنامەیەیە کە شاعیر پیلانی بۆ دا ئەڕێژێ لە پێناو دەربڕینی هەڵوێست و هەزرو هەست و نەستی بە جۆرێ کە کاردانەوەی لە خوێنەر هەبێت ، یان جۆرە چالاکیەکی هەڵچونە کە لەگەڵ بونیادیا لە پێناوی هەمان مەبەستا هاوزەمانە ، ئەم هەزرو هەست و نەست و هەڵوێستانە لە پەرت و پەرت بوون و لێکترازان وون بوون دەپارێزێ . ئەم وێنەیەش لە میانەی بیناکردنیدا تەنها هۆیەکە بۆ گەیاندنی کاریگەری دیاری کراو لەسەر هەست و نەستی وەرگر ، بەم پێیە ، شێوازی بیناکردن ئەو بەرنامەیەیە کە سروشتی وێنەکان لە چەند بازنەیەکی زنجیرەیی و بەیەکدا چونا ڕێك دەخات ، لەم نێوەندەشەوە تەواوی وێنەکە بەرەبەرە بەرەو پێشەوە دەڕوات هەتا کاریگەری مەبەست لە هەست و نەستی وەرگرا دروست بکات .

لە بینا کردنی شیعردا چەندەها شێوازی دەربڕینی جۆراو جۆر بەکار هاتووە .. لە شیعری نوێدا دەگمەنە کە شاعیرەکان شێوازی ڕاپۆرت ئامێز بەکار بهێنن . شێوازی بینای وێنە دروست کردن – وەك ئێمە بۆی دەچین نابێت پێش خودی وێنەکە بکەوێت خۆ ئەگەر شێواز پێش وێنەکە کەوت ئەوا ئەو وێنەیە دەبێت بە وێنەیەکی دەتکرد و نابێتە هۆی دەربڕین .. لەم ڕۆشناییەوە دەتوانرێت بووترێ کە ئێمە ناتوانین قاڵبی ئامادەکراو بۆ شاعیر دەستنیشان بکەین هەتا شاعیر هەر کاتێ ویستی وێنەکانی خۆی تیادابین بکات . بەڵام دەشێ لە شێوازی شاعیر بگەین دوای نووسینی چامە شیعریەکەی .

بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەمە دەبێت شاعیر چەندەها شێوازی شیعری هەبێت کە لە زمانی ئاسایی بەرز تربێت بۆ گواستنەوەی کاریگەرێتی مەبەست کە لە ڕێگای شیعرەوە ڕوویدات بە هێزی هەست ونەست و وێنە .. بۆ ئەم کارەش لەسەر شاعیر پێویستە کە ئەو باسە یان هەڵوێستە یان ئەو دۆخەی کە دەیەوێ ئیشی تێدا بکا تەواو لەلای بەرجەستە بووبێت تاکو بتوانێت بابەتەکەی بە ووردە کاری و بە هێزەوە ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی چڕی هەست و هێزی ئیحا بۆ وێنە شیعریەکانی . لێرەوە ئەتوانین بڵێین ، ئاسان نیە شێوازەکانی بیناکردنی وێنەی شیعری بەتەنها وەربگرین بەدەر لە هەست و نەست و هونەرو واتاو ئەو وێنە کەرت کەرت و هونەرو کە تیایدا هاتووە ، چونکی وێنە پێش ئەوەی بەرجەستەی شێوازی شاعیر بێت ئەوا بەرجەستەی هونەرو هەست و نەستی ئەگەر چی

ریچاردز (مبادئ النقد الادبي :١٧٢) وای بۆ دەچێ کە (الصورة آثر خلقه الاحساس على نحو لم یمکن تفسیره حتى الآن) لەبەر رۆشنایی ئەوەدا و لە میانەی ئێوازی بیناکردنی وێنەی شیعریدا دەتوانین پەیوەندیەکان گواستنەوەی هەست لەلای (گۆران) وەربگرین .

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە دوولایەنەوەیە :

**لایەنی یەکەم :**

لایەنی هونەری ئەوەش بۆ چۆنیەتی بیناکردنی وێنەی تاك و وێنەی کۆیی -کلی - لە رێگەی گواستنەوەی هەستەکانەوە .

**لایەنی دووهەم :**

وێنەیەکی خودییە کەشفی پانتایی واتا دەرونیەکانی ئەزمونە شیعریەکە دەکات . وێنە تاکەکان دەلالەتی واتایی و دەرونی سەربەخۆ لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن وە پەیوەستیەکی بەهێزیان لەگەڵ وێنەکانی تردا هەیە . لەلای گۆران مەبەست لە هاو ئاوازی دەنگی بزواندنی دۆخە دەرونیەکەیە بە فراوان بوونی یان بە تەسك بوونەوەی ، ئەم کارەش لە گۆران دایە بە پێی خوێنەرو بارە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەمە هەر ئەوە بوو کە شاعیرە رەمزییەکانی وەك بۆدلیر ، فرلین ، ڤالیری ، مالارمیە بانگەوازی بۆ دەکرد .

ئەگەر چی بیردۆزی پەیوەندیەکان وە گواستنەوەی هەستەکان بینین ، بۆن کردن ، لێخشاندن ، چەشتن کەلە بۆدلێرەوە دەستی پێکرد ، پەیوەست بوو بە دیاردە سروشتیە جیاوازەکان ، بەڵام دواتر توانی زیاتر ، خۆی لە نێوان بارە دەرونییەکانی ناوەوەدا ببینێتەوە کە دەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی شاعیرو مرۆڤ و کێشەکانە .

هەڵوێستی گۆران لە نێوەندی ئەم بارە دەرونیانەدا بێ بەرنامە نەهاتووە بەڵکو لە تێڕوانینێکی قوڵەوە بەرامبەر بە گەردون و پەیوەستیەکانی بە دەرونی مرۆڤەوە هاتووە .

لە شیعری (ئاواتی دووری) گۆران دا دەبینین کە گواستنەوەی هەست و نەست لە بزاوتنێکیبازنەییدایە وەك (عجلە الالوان - ڕەوڕەوەی ڕەنگەکان) .

بازنەی یەکەم لە هەستی بینین پێکهاتووە و دەکرێ جوانی چاو ڕەنگێکی تایبەت و جیاواز دروست بکات کە بەردی بناغەی شیعرەکەیە لە دێڕی یەکەم دا هاتووە (دیوانی گۆران ل١٣-١٤)

ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەڕت

وەك ئەم وێنەیە :



بازنەی دوهەم دێت کە لەهەستی بیستن پێکهاتووە دەکرێت کە ڕەنگێکی جیاوازتر لە شیعرەکە دا دروست بکات وەک
ئەم وێنەیە




بەڵام لە بازنەی دوهەمدا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ قوڵکردنەوەی هەست لە بازنەی یەکەمدا هاتوە ، بەواتا لەڕێ پانتاییەکی گواستنەوە لەنێوانی هەردوو بازنەکەدا هەیەو هەر لەوێدا چالاکی گواستنەوەی هەستەکان ڕوودەدات کار لەوەرگر دەکات لە دوولایەنەوە :

لایەنی یەکەم پەیوەندیە مەعنەویەکانی نێوان هەردوو بازنەکە ، کەواتە هیچ بەهایەکی دەروونی و جوانکاری لەبازنەیەکدا نیە بەبێ بازنەکەی تر ، بەهای بازنەی یەکەم لە بازنەی یەکەم دوهەمەوە دروست دەبێت و بەهای بازنەی دوهەم لەگەڵ بازنەی یەکەمدا بەیەکا چوە .

لایەنەکەی تر لایەنی لفظیە و ئەو دەلالاتانەی کە لەدێڕی یەکەمدا هەیە تیایا نیوەی دوهەمی خاڵی گواستنەوەکەمان بۆ دەردەکەوێت (دیوانی گۆران ل ١٣-١٤):

ئەی گوێ ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم

دەلالەتی (زەلیلی چاوم) لەسەرەتای گواستنەوەکەدا هاتوە بەرەو بڕگەی هەستی بیستن و بەمە پەیوەندییە لفظی و مەعنەویەکانی نێوانی هەردوو بازنەکەو ڕوودانی گواستنەوەی هەستەکان و وێنەی یەکەمی تاکمان لە نێوانانا بۆ دەردەکەوێت وەك لەم وێنەیەدا هاتوە




وێنەی (١)

دەتوانین ئەم وێنەیە بکەین بەم هاوکێشەیەی خوارەوە :

١- وێنەی تاکی یەکەم بۆ گواستنەوەی هەستەکان (أ)

ڕەنگی (١) ماوەی گواستنەوە ڕەنگی (٢)

ڕەنگی (١) = هەستی بینین

ڕەنگی (٢) = هەستی بیستن

بازنەی سێهەم کە هەستی بۆن کردنە دێت بۆ قوڵکردنەوەی هەستەکان بە بازنەیەکی تر لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەستی بینین و بیستن دا بە پەیوەندیە مەعنەوی و دەرونی و جوانکاری و دەلالیەکان بەستراوە .
ئەم بازنەیە بێ لێکدانی لە گەڵ بازنەکانی تردا نرخی نابێ و دەچێتە سەربوونی پەیوەندیە لفظیـەکان لەسەرەتای برگەی سێهەمدا :

ئەی حیسی شاممە ! لە چاوو لە گوێچکە مەئیوسم
قۆناغەکانی گۆڕانی بازنەی سێهەم :







وێنەی (٢)
وێنەی (١)



ئەتوانین بیانکەین بەم هاوکێشانەی لای خوارەوە

١-وێنەی تاکی دوهەمی گواستنەوەی هەستەکان

أ-ڕەنگ (٢) ماوەی گواستنەوە ← ڕەنگ (٢)

ب- ڕەنگ (٣) ← ڕەنگ (١) + ڕەنگ (٢)

٢- وێنەی تاکی سێهەمی هەستەکان (أ) ڕەنگ (٣) ← ڕەنگ (١)

کەواتە ڕەنگ (٢) = هەستی بیستن ، ڕەنگ (١) = بینین ، ڕەنگ (٣) = هەستی بۆنکردن

ئینجا بازنەی چوارهەم دێت کە هەستی لێخشاندنە ئەمـەش بە پـەیوەندی دەلالی و مەعنـەوی و جوانکاریەکانـەوە لـە گەڵ بازنەکانی تردا بەستراوە و بێ بوونی پەیوەندی لەگەڵ بازنەکانی تردا نرخی نابێت . پەیوەندیەکان بـە دەلالـتی لفظیە لە سەرەتای برگەی چوارهەمدا دەستنیشان دەکرێت وەك لە شیعرەکەدا هاتوە :-

ئەی لامیسە ! ئەگەر چی نەبو :دەنگ و ڕەنگ و بۆ

لە لای خوارەوە گۆڕانی بازنەی چوارهەمان لەگەڵ بازنەکانی تردا بۆ دەردەکەوێت












ئەتوانین بیانکەینبەم هاوکێشانەی لای خوارەوە

١- وێنەی تاکی سێهەم

أ-ڕەنگ (٣) ⟵ ڕەنگ(٤)

ب- ڕەنگ (٩) ⟵ ڕەنگ (١) + ڕەنگ (٢) + ڕەنگ (٣)

٢-وێنەی تاکی چوارهەم

أ-ڕەنگ (٤) ⟵ ڕەنگ (١)

بیناکردنی وێنەکان لە شیعرەکەدا



لەو وێنەیەدا ئەم هاوکێشانەی لای خوارەوە دروست دەبن :

١- وێنە تاکەکانی گواستنەوەی هەست لە شیعرەکەدا :١

وێنەی (١) = أ- رەنگی (١) ماوەی گواستنەوە ← رەنگ (٢)

= ب- رەنگی (٢) ماوەی گواستنەوە ← رەنگ (١)

وێنەی (٢) = أ - رەنگ (٢) ← رەنگ (٣)

ب- رەنگ (٣) ← رەنگ (١)+ڕەنگ ( ٢ )

وێنەی (٣) = ا- رەنگ (٣) ← رەنگ (١)

ب- رەنگ (٣) ← رەنگ (٤)

ج- رەنگ (٤) ← رەنگ (١) + رەنگ (١) + رەنگ (٢) + رەنگ (٣)

وێنەی (٤) = رەنگ (٤) ← رەنگ (١)

٢- کۆی گواستنوەی هەستەکان = کۆی گواستنوەلەنێوان رەنگەکاندا =٨

ئاوەها بەبزواتنی جولەیەکی بازنەیی بەردەوامی بێ کۆتای هەر جواربازنەکە بەردەوامن لەجێگۆڕکێ لەنێوانی خۆیاندا و داخراوەییەکی بازنەیی گەورەیان پیکە یناوە کەشاعیر لە نێوانیاندا کار ئەکات بەشێوەیەك کە کاریگەریتی لەسەر وەرگر دروست بکات . ئەو وێنانەی لەشیعرەکەدا هەن ، بێلە جوانکارییە هونەرییەکانی ، لە سەر بنەمایەك دروست بون کە هەستی شاعیر بەستونیە تیەوە بەجوانی و هەڵچونە دەرونیەکانیەوە تا ڕادەی گواستنەوە لەبازنەیەکەوە بۆ بازنەیەکی تر بە بێ وەستان لە هیچ یەکێك لەم بازنانەدا لەبەر ئەوەی هێزی هەست و نەست و ڕاستگۆیی تیایە وا لە شاعیر دەکات کە گەڕیدەیەکی نەوەستاو بێت لە ناو ئەم بازنانەداو لە بازنەی خودی خۆیەوە بگوێزرێتەوە بۆ وەرگر بە شێوەیەکی کاریگە .

هەتا وا لە هەست ونەستی وەرگر بکات کە بەردەوام لە جوڵەدا بێت و ئاگای لە زۆریی وێنە گەڕۆکەکانی شیعرەکە بێت .

ئەمەش هێز بە شیعرەکە دەدات لەبەر ئەوەی شیعرەکە شیعرێکی زیندوە و وەستاو نییە .

# دەرئەنجام

بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هونەری شیعری گۆران کەمتر نەبێت لە هونەری شیعری شاعیرە جیهانیەکان .

گۆران ، بەپێی دیوانەکەی و بەپێی بۆچوونی رەخنەگران خۆی بەتەنها دییەوە لە بوارە هونەریەکەداو لە کاتێکدا هاوڕێ شاعیرەکانی تری وەك پێویست زانیاری یەکیان دەربارەی شێوەکاری شیعری نوێ نەبووە ..

گۆران لە ئەزموونی هەست و نەست و رەنگ و سێبەری زمان و پانتاییەکان و بازنە و شێوە ئەندازەیەکاندا کردووە ..

خۆ ئەگەر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا پانتایی زەمەن لە نێوانی شێوەو ناوەڕۆکدا دووربێ و لە نێوانیاندا گەشەسەندنی هەست و نەست و جیهانبینی و دابین کردنی زمانی بینین جیایان کاتەوە ، ئەوا لەلای گۆران بە شێوە توانی ئەو ماوانە ببڕێت و نزیکیان بکاتەوە وەك کارێك کە لەسەر بنەمایەکی تەعبیری شێوەکاری دروست ببێت .. ئەم جووت بوون و تێکەڵ بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینی گۆران و قوڵ بوونەوەی بە ناخی هونەرەکەی ، ئەمەش لە کاتێکدا ، بە ئاشکرا ، هونەری گۆران رەگی بۆ زمانی جیاجیا هاویشتووە لە پێناوی سروشت ، مرۆڤ و دیاری کردنی سەرەتاو پێکهاتە و رەنگ و دەربارەکان .

بە خوێندنەوەی شیعری (ئاواتی دووری) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گۆران رۆڵەی ئەم نەتەوەیەیە کە سەربەستی لە بەردەمیدا خۆی کوشتووە و هۆکانی دڵنیایی وهێمنیش تیا رووخاوە .. بە ئاشکرا رارایی ناوەوە ئەبینین کە تێکەڵاوی هۆشمەندی و هەستی بینین بووە .

لەبەرئەوەی گۆران لە ژێر باری جەوری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی ژێر سایەی رژێمی پادشاییدا ژیاوە..

وێنە شێوەکاریەکانی ناو ئەم شیعرە نموونەیەکی زیندووە کە ئەشکەنجەی مرۆڤ و ئەزمونی رارایی ناو کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی و کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیش بە شێوەیەکی گشتی ئەگێڕێتەوە .

ئەم وێنەیە هەڵدەستێ بە شیکاری دەرونی کە هەموو دۆخێکی دەرونی – کۆمەڵایەتی پارچە شی دەکاتەوە ئەگەر چی پانتاییەکانی زەمەنیش تێپەڕیووە .

ئەم شیعرە ، دەتوانین ، بە شیعرێکی (بازنەیی) ناوزەد بکەین کە سەرەتایەکە بۆ چوونە ناوەوەی گۆران بۆ دەروازەی کێشە ئینسانیەکان بە شێوەیەکی خەمئامێز .. چونکی ئینسانی یەکان و ئەو ووردەکاریانەی دەورەی داون لەلای گۆران شیکارێکی تایبەتی وەردەگرێ کە لە هۆشمەندی خۆیەوە هەڵقوڵاون .

قەبارەی بازنەکان و شێوە جیاجیاکانی چەندین و چۆن بن لەلای گۆران تەنها یەك بۆچوونی لە چوارچێوەی ئەم بازنانەدا هۆشمەندیەکی ئینسانانە و هونەری دروست بووە و مرۆڤیش ئەگەر تاك بێت یان بە کۆمەڵ توخمێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە لەهەر هەموو ئەم بازنانەی خراونەتە روو .

بۆ دەست نیشان کردنی تابلۆکە بە شێوەیەکی کۆتایی پێویستمان بە هێڵێکی بنەڕەتی هەیە کە تایبەتە بە توخمی مرۆڤایەتی کە هەر هەموو بازنەکانی بەیەکترەوە بەستووە هەر یەکێك لەم بازنانە پەیوەستێکی سۆزداری لەگەڵ هەستێکە بۆ گەڕان بەشوێن خۆشەویستیە وون بوەکەی یان سۆفی گەری پەرت پەرت بووەکەی خۆیدا ..

دەستپێکردنی بیرۆکەی شیعرەکە لەیەك بازنەوە دەست پێ دەکات کە ئەویش (چاوە) دواتر پێویستی بە بازنەکانی تر دەبێت ، بەشێوەیەك بازنەی یەکەم بەبێ دوهەم و سێهەم ... ، نرخی نابێت .. بەم پێیە تێکڕای بازنەکان لەسەریەکیەتیەکی رێك و گونجاو و فرەلا دروست بووە و لە کۆتاییدا پێوەری مەدلولاتەکان تابلۆیەك نەخشە دەکێشێت ..

بەم فرە بازنەیانە و لایەنەکانی بوار بۆ گۆران فراوان دەکات هەتا خودو کەسایەتی و هەروەها پەیوەستیە کۆمەڵایەتیەکەش بدۆزێتەوە ..

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بازنانەی کە شیعرەکەی پێ دروست بووە لە خۆرا نە هاتون و بەڵکو لە رێگەی چەندید ئەزمون و هۆکاری دەرونی پەیدا بووە . ئەو بازنانە گەشتێکن بە نێو هەست و نەستدا و لە هەمان کاتدا ، ڕاکردن نین لە ڕاستی‌یەکانی ژیان .. بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم هۆشمەندی هزریی تیوریی ..

هاوکێشەکانی نێو بازنەکان بە پانتاییەکدا پاڵمان پێوەدەنێ کە پڕن لە پێشبینی کردن و کۆڵنەدان .. لێرەدا ، ناچارە کە وێنەی ئازارە ئینسانی‌یەکانی ناو جەستەی کۆمەڵ بکێشێ و لە نێوەندی ئەمەشەوە بۆ ئینسانی‌یەتی وون بووی ئینسان بگەڕێ ..

سەرچاوەکان :

١- مبادئ النقد الادبي آ . آ رتشاردز ترجمة د.مصطفى بدوي المؤسسة العامة للتأليف والترجمة والطباعة - القاهرة ١٩٦٣.

٢- ديوانى گۆران مطبعة المجمع العلمي العراقي ١٩٨٠ .

## الخلاصة

هذه الدراسة ، محاولة لتوضيح القدرة الشعرية لدى گۆران حيث إن قصيدته (ئاواتى دوورى) عبارة عن لوحة فنية متكونة من مجموعة من الصور الدائرية المترابطة ببعض بشكل مؤثر وفني ، وان الدوائر – العين ، السمع ، اللمس – هي ألوان مفردة ورئيسة في اللوحة ثم تتفاعل الالوان المفردة مع الالوان الفرعية تشكل الصورة الكلية وان المحرك الاساسي لهذه الدوائر هو قوة وعمق وشدة حساسية الشاعر وموهبته الابداعية مما اعطى للقصيدة حيوية وحركة .

# SUMMARY

This study is an attempt to clarify Goran's poetic effectivity . His poen "The far away Hope" is , as an artistic tablean , Composed of a number of effective connected circular images . These circles the senses of perceptive Seeing , hearing smelling and touching represent the main color in the tablear , which interplay with the sub-colors to conform the whole image .

The basic motive behind these circles is the profound sensitivity and great talent of the poet , which provided the poem with effectivity and vividy.